

پەیکەری گڵێنی تەموورژەنێک، کە لە: شووش دۆزراوەتەوە ١٥٠٠ پێش زایین



پەیکەری گڵێنی تەنبوورژەنێک کە لە:
شووش – دۆزراوەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین



عێراقی ئێستادا» کە شوێنی کۆنینەی شارستانێتیی ئەمانەی سەرەوە بووە، زانای ئینگلیزی [سێرلیۆنارد وولی] ئامێرێکی مۆسیقایی دۆزیوەتەوە، بریتییە لە «چەنگ»ێکی گەورە و بە توێژاڵێکی زیوین داپۆشراوە. سەرومڕی چەنگەکەش، لە شێوەی جەستەی **گا**دایە. ئەم ئامێرە ئێستا لە مووزەخانەی بەغدایە و نموونەی تری وەک ئەمیش، کە هەر لەو ناوچانە دۆزراونەتەوە، لە مۆزەخانەی زانکۆیی فیلادلیفیا و ئینگلستاندا هەن. سێرلیۆناردوولی بە دڵنیاییەوە پێی وایە ئەم ئامێرە، دەستکرد و پاشماوەی سۆمەرییە(٤٣، ٥٨).

ئەم ئامێرە، ئێستا بە عەرەبی پێی دەڵێن «القیثارة»(*) مێژووی دروستکردنی ئەم ئامێرە ٤٧٠٠ ساڵ بەر لە ئێستایە و بە شوێنەوارێکی بایەخداری مێژووی مۆسیقا دادەنرێت(٧٦، ٢٢). کە ئەگەر ئەم کارتێکردنەش، ڕاستەوخۆ نەبووبێ، ئەوا بەڵگەی تر هەن کە ئەم کارتێکردنەیان هەر دووراودوور نەبووە، بەڵکو بە ڕادەیەک بووە، لە سەدەی یازدەهەمی پێش زایینەوە تا پێش پێکەوەنانی میرنشینەکانی ماد (٦٦٩ پێش زایین)، هەموو ناوچەکە، لەژێر زەبری هەردوو دەسەڵاتی **بابلی** و **ئاشووری**دا بووە، بە تایبەتیش لە ڕۆژگاری هەڵکەوتنی زەرتوشت و بانگهێشتنی پەیامەکەیدا(١، ٦٠).

کەواتە جوگرافیای **ماد**، لە خۆرهەڵاتەوە: شارستانێتی و فەرهەنگی باڵای **ئاریایی**یەکانی **هیند**، کە ئەوانیش لەگەڵ پیادەکردنی سروودەکانی **ڕێگ ڤیدادا**، مۆسیقایان بەکارهێناوە، لە خۆرئاواشەوە: شارستانێتی یەکجار پێشکەوتووی بابل و ئاشوور و عیبرانی – کە دیسان ئەمانیش لەگەڵ سۆز و سکاڵای ئایینەکەیاندا، مۆسیقایان بەکارهێناوە – کەم و زۆر کاریان لەسەر گۆڕینەوەی فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری شارستانێتی یەکتر کردووە و لە زۆر ماوەی مێژوویی ئەو ڕۆژگارانەدا، ئاسایش و ئارامییەکی پڕ شکۆ، هەموو ناوچەکەی گرتۆتەوە، کە دیارە دەزانین هونەری باڵاش، هەمیشە لەژێر سێبەری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و شارستانیدا گەشە دەکات و هەڵدەچێ، بۆیە زانایەکی وەک **توفیق وەهبی** کاتێ باسی ئەوە دەکات کە وشەی **گۆرانی**، لە

(*) لێرەدا، ئەگەر هەڵوێستەکی کورت، لەسەر ناوی [قیثارە] بگرین و بڵێین: دەشێ ڕێ بە خۆمان بدەین، واژەی «قیثارە»، بە «گات + تار»ە لێک بدەینەوە!؟. کە نیازیش لە لێکدانەوەکە، وەک پشتر بۆ «تار + مور»مان کرد، کە بە مانای «تار»ی «شیوەن» بوو. بە هەمان پێودانیش، مەبەست لەو «تار»ە، نەبێ کە بە تایبەتی بۆ «سروودەکانی گاتا» بەکار دەبرێ!؟ واتە: دەشێ «قیثارە»، «گات تارە» نەبێ!؟!؟
یان جگە لەم لێکدانەوەیە، ئاخۆ دەشێ «قیثارە»، بە «گات + تار»، یان: «گا + تار» لێک بدەینەوە، کە لای دانیشتووانی دێرینی مسیۆپۆتامیا «سۆمەری و بابلی و ئاشووری»، «گا» جێی ڕێزلێنان و پیرۆز بووە!؟!